# دیسان ئافرەتانی کورد بە چاوی نزم سەیر ئەکرێن

کوردی

لە ڕۆژی **8** ئەم مانگەدا محەمەد هەریری لە وەڵام دانەوی مهاباد قەرەداغی سوکایەتیەکی بە سەرجەم ئافرەتی کورد کرد.

ئەڵێ لەوانە ڕۆشنبیری کورد پیان جوان نەبێ کە وەلامی ئافرەێک بدەنەوە هەرچیش بڵێت لەکاتێکدا بەدووای نووسینەکەی مهاباد خان گەرام هیچ شتێکی قەباحەتم لێ نەخۆێندەوە هەتا کاک هەریری بەم چەشنە وەلامی ئەم نووسەرە بەرێزە بداتەوە وە ئەم نووسینە کە مانگێکی بەسەردا چووە لە بلاوکردنەوەکەیدا وا پێدەچێ کاک هەریری هەندێ سەرچاوەی خۆێندۆتەوە بەلام خۆی پێ رانەگیرا هەر زوو نووسینەکەی بلاوکردەوە زۆر بە کەم و کورتی حەزم ئەکرد ئەم بەرێزە یەک دوو مانگی تریش خۆی بەم بابەتە خەریک کردبا.

چەند ڕوون کردنەوێک بۆ کاک هەریری و هاوچەشنەکانی پێش هەموو شتێک کە فەلسەفەیەک یاخود زانستێک بلاوئەبێتەوە یەکەم جار زۆر چر و پڕ نیە بەلاَم لەگەڵ بەرفروان بوونی ئەوا لەگەڵ چەند زانستێک یاخود فەلسەفەیەک یەگ دەگرێتەوە و ئاوێتەی یەکتری ئەبەن.

نموونە زانستی فیزیا جیاوازە لەگەڵ زانستی کیمیا بەلاَم پەیوەندیەکی توند و تۆلیان بەیەکەوە هەیە کە بەشێک پەیدابوو کە پەی ئەوترێت فیزیک-کیمیک یان بایۆفیزیک واتە فیزیاو بایۆلۆجی، بایۆساتیک، مات-ستاتیک وەبەم شێوەیە هەروەها کۆمەڵناسی لەگەڵ دەروون ناسی دوو رێچکەی جیاوازن بەلاَم لە زۆر شوێن یەک ئەگرنەوە چونکە دەروونی کەسێک ڕەنگدانەوەی ئەبێت لەسەر کۆمەلێک یان باندێک بۆ ئەم مەبەستە تکایە بگەرێوە بۆ سەرچاوەکەی دکتۆر حوسێنی خەلیقی ئەمانە تەنها روون کردنەوەیەک بوو بۆ ئەوەی بزانی زۆر بابەتی هەمە چەشن هەن تێکەڵی یەکتری ئەبنەوە.

ووشەی فیمینیزم لە ووشەیەکی ئینگلیزی وەرگیراوە () واتە مێ هەروەها فیمینیزم () ئەو بیرو باوەریە کە ئامانجی یەکسان بوونی ئافرەت لەگەڵ پیاو لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری وە هەروەها یەکگرتنەوەی ئافرەت لە هەموو لایەنێک و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵ وە فیمینیست () ئەو کەسەیە کە بڕوای بە فیمینیزم هەیە.

ئەم ڕێزدارە ئەڵێ مهاباد خان هەلەیەکی کوشندەتری کردوە کە فیمینیزمی تێکەل بە بزافی ڕزگاری خوازی ئافرەتان کردووە بەلاَم دیارە خۆی هێشتا لەم دوو ڕێکخراوە تێنەگەیشتووە هەربۆیە فیمینیزمی بە توندی بە لیسبیانیەوە بەستۆتەوە.

فیمینیزم وەک بابەتەکانی سەروە کە باسم کرد ئاوێتەی بزافی ڕزگاری خوازی ئافرەتان بووە کە دژی پیاوی چاو تاریک و کۆێرە تێدەکۆشن.

هەروەها چەند بابەتێکی تریش کە هاتۆتە ناو ئەم بابەتە لیسبیانە بەلاَم لێرەدا هەر لیسبیان نیە تاوەکو ئافرەت بە سوکی سەیر بکرێ چونکە پیاویش کۆمەلەی گەی () ی درووست کرد.

گەی: ئەو کۆمەلە پیاوەن کە لەشی و سێکسی ئافرەت ڕەت ئەکەنەوە پیاو لەگەڵ پیاو سێکس ئەکات بەلاَم با بزانین لیسبیان لە بەرچی درووست بوو.

شتێکی سروشتیە کە پیاو ئەندامی نێرینەی هەیە لە کاتی جووت بوونی سێکس دا ئەم ئەندامە ئەچێتە ناو ئەندامی مێ ینەی ئافرەت ئەمەش وای کردووە کە پیاو خۆ بەزڵ بزانێ و ئافرەت بە شتێکی نزم سەیر بکات، یاخود لەکاتی منداڵ بووندا کە ئافرەت ئەزریکێنێ بەمە ئافرەت بە بێ ووره سەیرکراوە بەلاَم پیاو بە گیانداریکی بە هێز سەیرکراوە.

ئەم چەوساندنەوە و سوکایەتی یە وای لە ئافرەت کرد کە بوونی پیاو ڕەت بکاتەوە کە بەشێوەیەکی تر ئارەزووی خۆی دامرکێنێتەوە بێ ئەوەی پێوستی بە پیاو هەبێ لیسبیەکان ئەوەیان ڕەت کردەوە کە هەر ئەندامێک لە چەشنی پیاو بێتە ناو لەشیان بەشێوەیک سوکایەتیان پێبکرێت

کەواتە ناهەقیان نیە ئەم ئافرەتانە ئەم چەشنە پیاوانە ڕەت ئەکەنەوە، وە ئەگەر پیاو لەو بیرە تەسکە دەرنەچێت ئەوا لە دووارۆژا لیسبیان بە ڕێژەی ئەو جۆرە پیاوانە درووست ئەبێ بە شێوەیەک ئەم پیاوانەش هاوچەشنی خۆیان دەست ناکەوێ هەربۆیە بە ناچاری ڕوو لە گەی ئەکەن، ئەبن بە گەی هاوچەرخ

ئەگەر لیسبیان لە چەوساندنەوەی پیاو پەیدا ببێت و بە سووکی سەیر بکرێت ئەی لەوەت نەپرسیووە گەی لەبەر چی دروووست ئەبێ کەواتە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئافرەت زیاتر جێگای ڕێزگرتنە لە پیاو چونکە پیاو نەچەوساوەتەوە بۆتە گەی

هیوادارم کاک هەریری لە بابەتی فیمینیزم زۆر بە تەسکی سەیر نەکات چونکە ئێستا زیاتر لە سەد زانکۆ کراوەتەوە تەنها لە سەر بابەتی ئافرەت و پەیوەندیەکانی و ئاوێتەوە بوونی لە گەڵ بابەتە هەمەرەنگەکانی دوونیا

بۆیە برای بەرێز ئەبێ بەلایەنی کەم چەند ساڵێک خەریکی لێکۆلینەوەی بیت و پشت بەیەک سەرچاوە نەبەستی وە تکام وایە کە بابەتی لیسبیان نیکەیتە لقێکی سەرەکی لە فینیمیزم

وە لەکۆتایدا داوای لێ بوردن لە مهاباد قەرەداغی و سەرجەم ئافرەتانی کورد ئەکەم ئەگەر من نەم توانی بێت زیاتر بابەتەکان ڕوون بکەمە چونکە خۆتان ئەزانن ئەم بابەتە زۆر فروانە و بە چەند پەریەک تەواو نابێت

وە هیوادارم ئێوەش نموونەتان زیاد بێت و ئافرەتی کورد زیاتر ڕۆشن بکەنەوە و زیاتر بێنە ناو ڕیزی شۆرش چ بە پێنووس بێت چ بە چەک بێت وەک ئافرەتەکانی باکوری کوردستان کە چۆن دووژمنیان هێناوەتە سەر ئەژنۆ

ئێوە چرای کۆمەڵن و ئێمە بە بێ ئێوە هیچ بوونێکمان نیە

ئیتر بەرەوو پێشەوە. . . . . . . بەروو ئازادی. . . . . . . بەروو ڕزگاری

لە بەر بەهێزی ئەم نووسراوەی خوارەوە نەم توانی بیکەم بە کوردی بەڵام هیوادارم کاک هەریری کە ئینگلیزیەکەی لەمن بەهێز ترە بیکات بە کوردی و هەندێ لە ئازاری ئافرەتی چەوساوەی کورد تێبگات و چی تر پابەندی بیابانیەکان نەبێت<

They *had* jobs، but feminists weren't satisfied; every other woman had to get one too. So they opened fire on homemakers with a savagery that still echoes throughout our culture. A housewife is a "parasite، " [Betty] Frieden writes; such women are "less than fully human" insofar as they "have never known a commitment to an idea. "

David Gelernter، *Drawing Life، Surviving the Unabomber*، Free Press، 1997، p. 95